# ماكیاژی لاوان وسودەكانی

**هاوژین سیاگوێزی ـ سلێمانی**
hawjinxerib@yahmm.com

لەولآتەكانی ڕۆژهەلآتی ناویندا ولەباشوری كوردوستاندا بەتایبەتی  ماكیاژكردنی لاوان بوەتە خوو، بەردەوام لاوان لەهەولی ئەوەدان كە بزانن چ جلێك؟ یاچ شێوە قژ بڕینێك؟ یاچ شێوە زنجیرێكی نوێ هاتووە !؟ تاوەكو ڕوخساری دەرەوە یانی پێ جوان بكەن، بۆیە لەم ولآتەدا ئەگەر لاوێك خۆی نە ڕازێنێتەوە و بەڕادەیەكی زۆر ماكیاژ نەكات پێی دەلێن ئەمەلاوێكی )پەڕپوتە (یان)لاوێكی ئیهمالە )،ئەمەش كۆمەلگا سەپاندویەتی بەسەر چینێك لەلاوانەوە.

ئەوەندەی  ماكیاژگەرای سودی بۆ تاكی لاو هەیە دوو ئەوەندە سودی بۆ دەسەلآت هەیە، ڕەنگە ئێستا تۆی خوێنەر پرسیارێكت لەلا دروست ببێت و بلێیت چۆن جوانكاری سودی بۆدەسەلآت هەیە؟ بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە دەلێم پێویستە بگەڕێینەوە بۆلای بیرمەندانی جیهان، فەیلەسوفی فەرەنسی و خاوەنی چەند یاسایەكی گرنگ )ڕۆسۆ (لەپەیمانی كۆمەلآیەتیدا دەلێ )پێویستە تاكەكانی گەل، هێندەبایەخ بەجوانكاری وخۆش نودی نەدەن وەهەروەها بودجەی تایبەت بەوەش تاكو بتوانرێت كەم بكرێتەوە بۆ ئەوەی سودی  بۆ سەرجەمی گەل بگەڕێتەوە (ئەم بیرمەندە كەیەكێكە لەوانەی مرۆڤایەتی پێویستی پێی هەبووە بۆچی وادەلێت؟ من پێم وایە كەلاوان دەستیان كرد بە ماكیاژ كردن ئەوا پێویستیان بە پارە دەبێت ودەبێت سامان كۆبكەنەوە، بەم جۆرە گەل سەرجەمی گەندەل دەبێت دەسەلآتیش زیاترهانی دەدات بۆ ئەوەی سوودی تاكی خۆی تیادایە لەچەند لایەكەوە !!

1ـ ئەو لاوە سەرقالَ دەبێت وناى پەرژێتە سەر داواكانی گەل، مافەكانی خۆی بۆ وەرناگیرێت .

2ـ دەسەلات زۆرینەی جار لەسەرمایەدارەكان پێك هاتووە، بۆیە ئەگەر هەرداهاتێكی هەبێت دەتوانێت لێی بكێشێتەوە .

بۆیە ئەگەرخاوەنی داهاتیش نەبوو دەبێت هەولی بۆبدات  دواجار هەموو هەولَەكانی بەشی ماكیاژگەرای خۆی ناكات، بەشی ژیان كردنی نامێنێتەوە، بۆ ئەمەش لاوەكانی كوردستانی باشوربەرەو بێ خەمی لە نیشتیمان و لە ژیان و گەمژەی و بەلە خۆبای بونەوە دەبنە كۆیلەی هەواو هەوەسەكانیان، بۆ ئەمە پێویستە لەسەر لاوانی ڕۆشن فكر و ئازا تێكرا تێبكۆشن بۆ دووركەوتنەوەی لاوان لە هەواو هەوەسەكانیان  .